# جاشزادەکانی کورد  و  کوڕی چەکفرۆشە ئەڵمانیەکە

عەلی مەحمود محەمەد

ماوە ماوە کە جاشێك  دەمرێت بەهەر هۆکارێك بێت, منداڵاکانیان کە پێشتر هەندێکیان خۆیان وەك مرۆڤی سەردەمی و باش دەناساند, تەنانەت زۆریشیان ئۆپۆزسیۆنن, دەکەونە پیاهەڵدان و پاککردنەوەو جوان نیشاندانی باوکیان, بەمەش خۆیان دەکەنە شەریکە بەشی تاوانەکانی باوك و کەسەکانیان, چونکە بەرگری لە تاوان بۆ خۆی تاوانە, هەوڵدان بۆ سڕینەوەی تاوانیش تاوانە, چ لە روانگە یاسایی و روانگە ئەخلاقییەکەی وە چ وەك مێژوو و سیاسەتیش,  بەکاروانی دوورو درێژی زۆرو ئالای گەورەی کوردستانەوە لە گۆڕیان دەنێن,  لە کاتێدا مرۆڤە تیکۆشەرو رۆشنبیرەکان بە بێدەنگی و رووت و قوتی لە گۆڕ دەنرێن. لە ژیانم تەنها یەکێکم  بینییوە جیا بووە  باوکی جاشیش نەبوو, بەڵکە موختار بوو لە لایەن پێشمەرگەوە کوژرا, کوڕەکەی ئازایانە  زوو رایگەیاند باوکم تاوانبارەو کێشەم لە گەڵ لایەنی بکوژی باوکم نییە, تەنانەت چووە ڕیزی پارتی بکوژی باوکییەوە, پۆستی بالاشی وەرگرت, لەو بوارە نموونەی جوانی پێشکەش کرد, کەچی  ئێستا  هەندێك حیزب و راگەیاندن تەنها پەلاماری ئەو دەدەن چاو لە هەموو نموونە ناشرینەکان دی دەپۆشن, بەمەش دەکەونە ناو تاوانە بە پاککردنەوەو جوانکردنیان.
سەرۆك جاشەکان هەموو بە خەفیفەو سەقیلەوە تاوانبارن, جارێ ئامر مەفرەزە خاسە هەموو بە ئیمتیاز تاوانبارن, دەرچوونی مەفرەزەی تایبەتی بۆخۆی پاداشتی تاوان بوو دەدرا بە تاوانباران و نۆکەران, کەس بە یانەسیب مەفرەزەی بۆ دەرنەچووە, بگرە جاشی مەفرەزە خاسەکانیش کەمیان هەیە نەگلابێتنە تاوانەوە, دیارە حەشاماتەکەی ژێرەوەی فەوجەکان کە نزیك 400000 کەسبوون ناڵێم, فەوجەکانیش بەرپرسانی سەرەوەیان  هەموو گلاونەتە تاوانەوە, لەوانەشە بەرامبەر حیزبێك یان کەسانێك هاوکارییان کردبێت, وەلێ بەرامبەر پارتی دیکەو لە ناوچەی دیکە تاوانیان کردووە, ئامری  فەوج و مەفرەزە نییە لە دوای رێکەوتی 8-9-1987  وە تا 6-9-1988و واتا بە درێژایی 363 رۆژ لەناو تاوانا نەبووبێت, ساڵ و مانگ و رۆژەکان دیکە باس ناکەم, نەبووە لەو ماوەیە بەردەوام بەشداری تاوانی نەکردبێت, ئەوە بڕیار بووە, بڕیاری بیرۆی باکووری پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ژمارە 5731, واتا بڕیاری عەلی حەسەن مەجید, کە ناوی مەجید هات, کەواتا پیاویان نەبووە جێبەجێی  نەکردبێت .
کاك  ئارێز داراپوور  تێکۆشەرێکی سنەییە, فەرماندەو کۆنە چریك  و ئێستا دیموکراتە, جارێك سەرەتای دوو هەزارەکان داوای لێمکرد کەسێك کوڕی خاوەند کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بەرهەمهێنەری چەکی کیمیاوییە دەیەوێت بڕوات بۆ هەڵەبجەو داوای لێبوردن لە خەڵکەکەی بکات, بە داخەوە  رۆژی خۆی نەمانتوانی دەعوەتی بکەین و وەلامیشمان نەدرایەوە, لە کاتێدا نموونەیەی بالا بوو بۆ دان نان بە راستییەکان.
ئێستا لەم نموونە جوانەوە,  هەقی وایە بەچکە جاشەکان فێر بن و ئەزموونی لێوەربگرن ئەم رێگایە بگرنە بەر, داوای لێبوردن لە قوربانیان و خەڵك بکەن, لە پای تاوان و خیانەتی باوکیان, بزانن باوکیان بە کاروانی ئۆتۆمۆبێل و ئالای کوردستان لە سایەی دەسەلاتێکی بێکەرامەتدا لە تاوان پاك نابنەوە, جوان نیشاندانی باوکیان بەشدارییە لە تاوان, درێژە دانە بە تاوانی باوکیان.
 ئەوان بەرپرس نین لە تاوانی باوکیان, بەڵام هەوڵدان بۆ سڕینەوەی تاوانەکای باوکیان و جوانکردنیان راستەوخۆ دەیانکاتە شەریکە بەشی تاوان, ئەمەش جۆرە جاشیەتییەکە بۆخۆی, چاکترە و رێگا دروستەکەی ئەوەیە خۆیان لە تاوان و مێژووی باوکیان پاك بکەنەوەو باوەڕ بە راستییەکان بهێنن کە

باوكیان خیانەتكارو تاوانبار بوونە, نە لێبوردنی بەرەی كوردستانی, نە گەرمكردنی شەڕی ناوخۆیی, نە كاروانی دوورو درێژی پرسەكەرانی گۆڕستان , نە ئاڵا 10 هەزارییە چینییەكانی سەر تابووتەكانیان نایانشواتەوە لە تاوان و خیانەت, ئەوە خانەنشینییەكەشیان گەندەڵییەو لە دەرەوەی یاسای خانەنشینییە, چونكە ئەوەی رۆژێك جاشێتی كردبێت دووای پێشمەرگایەتی خانەنشینی نایگرێتەوە. ئەوان بە داكۆكیكردن لە باوكیان درێژە بە جاشێتی و تاوان دەدەن و دەچنە سەر رێگاكەی باوكیان, ڤایرۆسی جاشێتی لە جەستەیان دەچێنن, داكۆكیكردن لە تاوان هەوڵدان بۆ پەردە پۆشكردنی تاوان بۆ خۆی تاوانە و پێویستە سزای بۆ دابندرێت و رێگای لێ بگرترێت, نەخوازەلا تۆمەت هۆنینەوەش بۆ شەهیدان و بەلارێدا بردنی رووداوەكان بۆ خۆی خیانەتە لە مێژوو و هەیبەتی قوربانیدەران و ناشرینكردنی شەهیدان.
پێویستە یاسایەك دەربكرێت بۆ تاوانباران, رێگا بگرێت لەوەی جوان نیشان بدرێن وە قەدەغەی ئەوەش بكرێت ئاڵای كوردستان لە سەر گۆڕ و تابوتیان دابندرێت, ئەگەر رێزی ئاڵاكەتان دەگرن.

009647503714620